مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية المجلد (٢١) العدد الأول أذار ٢٠٢٦
Kirkuk University Journal: Humanity Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
ISSN P: 1992-1179
ISSN E: 3107-3360
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq
DOI: 10.32894/1992-1179.2025.162321.1284

# Physiognomy in Goran's poems
# Darwish Abdullah's text, for example

*Asst.prof.(Ph.D.). luqman Raouf Ali*

Luqman.ali@kti.edu.iq

**Date of research received 14/10/2025, Revise date 11/11/2025, accepted date 16/11/2025, Online Publishing15/3/2026**

**Abstract:**

Although physiognomy is one of the oldest sciences and is used in various fields, today it has its role and influence on society in general and individuals in particular, because humans have five senses and a visual sense, while the sixth sense is unknown, and since the cultural context has an influence and effectiveness. The influence and effectiveness in this text stems from the fact that humans are by nature social beings and communication is part of natural life and the meaning goes beyond linguistic communication. This research deals with the meaning from a literary perspective in general and the poetic text Goran (Darwish Abdullah) in particular, in order to read the face and internal actions of Darwish through the character of Darwish drawn by Goran. The first part deals with the concept of physiognomy, its definition and characteristics. The first part deals with the history of physiognomy, its role, importance, benefits and characteristics, while the second part deals with physiognomy and its types mentioned in the text and gives the necessary examples..

**Keywords:** Physiognomy, Semantics, Poetry, Darwish

# علم الفراسة في قصائد كوران نص "درويش عبد الله" كنموذج

د. لقمان رؤوف على*

تاريخ الارسال ٢٠٢٥/١٠/١٤ ، تاريخ التعديل ٢٠٢٥/١١/١١ ، تاريخ القبول ٢٠٢٥/١١/١٦ ، تاريخ النشر ٢٠٢٦/٣/١٥

**ملخص:**

رغم أن علم الفراسه من أقدم العلوم و يستخدم في مجالات مختلفة، إلا أنه اليوم له دوره و تأثيره على المجتمع بشكل عام و الأفراد بشكل خاص، لأن الإنسان لديه خمس حواس و مرئية، أما الحاسة السادسة فهي غير معروفة، و بما أن السياق الثقافي لها تاثير و فعالية. إن التأثير و الفاعلية في هذا نص، نابعة من أن الإنسان بطبيعته كائن اجتماعي و التواصل جزء من الحياة الطبيعية و الدلالة تتجاوز التواصل اللغوي. يتناول هذا البحث الدلالة من المنظور الأدبي بشكل عام و النص الشعري كوران (درويش عبدالله) بشكل خاص، و ذلك لقراءة وجه و الأفعال الداخلية لدرويش من خلال شخصية درويش التي رسمها كوران. و يتناول الجزء الأول مفهوم الفراسه و تعريفها و خصائصها. يتناول الجزء الأول تاريخ علم الفراسه و دوره و أهميته و فوائده و خصائصه، بينما يتناول الجزء الثاني علم الفراسه و أنواعه الواردة في النص و يعطي الأمثلة اللازمة.

**الكلمات المفتاحية:** علم الفراسة، علم الدلالة، الشعر، درويش

# سیماناسی لەشیعرەکانی گۆران دا
# دەقی "دەروێش عەبدوڵا" بەنموونە

د. لوقمان ڕەئوف عەلی

**پوختە:**

ئەگەرچی سیماناسی یەکێکە لە زانستە ئەدەبییە کۆنەکان و لەبواری جیاوازدا بەکارهێنراوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەمڕۆدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و تاکەکان بەتایبەتی هەیە، چونکە مرۆڤ پێنج هەستەوەری هەیەو دیارن، بەڵام هەستی شەشەم نادیارەو ڕۆڵ بینینیشی پەیوەندیەکی بەهێزی بەڕۆشنبیری گەلان و سروشتی کۆمەڵگەکانەوە هەیە، بەو پێیەی کۆنتێکستی ڕۆشنبیریی، کاریگەری و کارامەیی لەم کارەدا هەیە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ بەسروشتی حاڵ کائنێکی کۆمەڵایەتیە و پەیوەندی بەشێکە لە ژیانی سروشتی و سیماناسیش پەیوەندییە زمانییەکان تێدەپەڕێنێت.

ئەم توێژینەوەیە باسکردنە لە سیماناسی لەڕوانگەی ئەدەبی بەگشتی و دەقی شیعریی(دەروێش عەبدوڵا)ی گۆران بەتایبەتی، تاوەکو لەڕێگەی سیمای دەروێشەوە کە گۆران وێنەی کێشاوە، خوێندنەوە بۆ کردە ناوەکییەکانی دەروێش بکەین، ئەمەش سنوری توێژینەوەکەو خودی دەقەکەشی دیاریکردووە.

---

* استاذ المساعد، معهد كردستان التقنى Luqman.ali@kti.edu.iq

لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەو مێژوو و ڕۆڵ و گرنگی و سودو تایبەتمەندی سیماناسی باسکراوە، لەبەشی دووەمیشدا باس لە سیماناسی و ئەو جۆرانەی کە دەقەکە خستوونیەتەڕوو کراوەو نموونەی پێویستیان بۆ هێنراوەتەوە.

**کلیلە وشەکان:** سیماناسی، مەدلول، شیعر، دەروێش

**-پێشەکی:**

مرۆڤ بەسروشتی حاڵ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە بەردەوام مرۆڤەکان هەوڵدەدەن، پەیوەندییەکان لەگەڵ دەروبەرەکانیاندا، بە بەهێزی و بەهەر ڕێگەیەك بێت (زمان، یان هەرشتێکی تر) بهێڵنەوە، لەم سۆنگەوە سیماناسی زانستیکە پەیوەست دەبێت بە ناسینی کەسەکان و سروشتیان لەڕێگەی جوڵەو هەڵسوکەوتیانەوە، ئەمەش لەپێناو ئەوەدایە بگاتە دەلالەتی مەبەستدار لە ڕێگەی ئەم جوڵانەوە، بۆیە بەشێك لەم جوڵانە دەچنە ناو نیشانەناسی و بەشێکیشیان دەچنە خانەی زمانی جەستەوە، بەڵام سیماناسی بەدەرلەوەی هەردوو زانستەکە بەکاردەهێنێت، دەچێتە قووڵایی ناخەکانەوە، لەپێناو مەدلولە مەبەستدارەکەدا، نەك هۆکاری ڕێککەوتن لەسەر مانای ئاماژەو نیشانەکە، وەك لەزمانی جەستەو هەندێ نیشانەدا هەیە، بۆیە لە سیماناسیدا هەر جۆرە هەستێك لەهەستەکانی مرۆڤ، کاریگەری لەسەر سیمای مرۆڤ دەبێت، ئەوەی گرنگە لەم بارەوە ئەوەیە کە چی وای کردووە دەروێشێک ببێتە هۆی لەدایکبوونی دەقێکی نوێ و جیاواز لە چاو دەقەکانی تری گۆراندا، بەمانایەکی تر ئەو ڕۆڵ و کاریگەریەی دەروێش چی بووە، تاوەکو ئەو ڕەنگدانەوەیەی لای گۆران هەبووەو لای ئەوانی تر نەبووە، ئەمەش لە لێکۆڵینەوەکەدا دەخەینەڕوو.

سیماناسی بەهرە، یان کارامەییەکەو پشت بە خوێندنەوەی سیماکانی دەموچاو و جوڵەی جەستە دەبەستێت، لەپێناو تێگەیشتن لە کەسایەتی و کارەکتەری مرۆڤ، یان بریتییە لە توانای دەرخستنی سروشت(طبع) و سیفەتە ناخیەکانی مرۆڤ هەر لە سیماو روخسارەوە، تاوەکو ڕەفتارە بینراوەکان، یاخود ڕەنگدانەوەی توانای مرۆڤە بۆ خوێندنەوەی ئەوەی کە لە دەرەوەی ڕواڵەتەکاندا ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش وایکردووە ببێتە توخمێکی گرنگ لە پەرەپێدانی چنین و دەوڵەمەندکردنی کارەکتەرەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان، لەبەرئەمەش لە ئەدەبدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەو پێیەی نووسەران بەمەبەستی شیکردنەوەی کارەکتەرەکان و تیشک خستنە سەر زیرەکییان بەکاریانهێناوە، یان بۆ شیکردنەوەی کارەکتەرەکان و بنیاتنانی چیرۆک و بەستنەوەیان بە حیکمەت و زانیاری مرۆڤەوە بەکاریان هێناوە.

**-کارەکانی پێشوو:**

ئەم بابەتە بۆ یەکەم جارە لە ئەدەبیاتی کوردیدا کاری لەسەر دەکرێت، بەو مانایەی تائێستا هیچ کەسێک شتی لەسەر نەنوسیووە، بۆیە خاسیەت و تایبەتماندی و...تاد لەڕێگەی زانستەکەوە دەرهێنراون و دیاریکرون .

**-میتۆدی توێژینەوەکە:**

-لەبەرئەوەی باسکردنە لەسەردەمێکی مێژوویی و ڕۆڵی نیشانەو ئاماژەکان، بۆیە میتۆدی مێژوویی، سیمێولۆژی و شیکاری بەکارهێنراوەن.

**-ئامانجی توێژینەوەکە:**

١-تیشک خستنە سەر جۆرێکی تری پەیوەندییە مرۆییەکان.

٢-ناساندنی سیماناسی و ڕۆڵی لەسەر ماناکان و ناسینی بایۆگرافیا.

٣-دیاریکردنی کاریگەری سیماناسی لە بەرزکردنەوەی لایەنەکانی پەیوەندی جەستەیی.

٤- خستنەرووی نەهامەتییەکان و وردی و دەروێشێک لەڕێگەی سیمایەوە.

٥-ناسینی تایبەتمەندی و ڕۆڵی دەروێش عەبدوڵڵا لەبواری هونەردا.

**-گرنگی توێژینەوەکە:**

١-ناساندنی ڕۆڵ و گرنگی سیماناسی لە دەقی ئەدەبیدا.

٢-ناساندنی توانا شاراوەکانی دەروێش عەبدوڵا لەڕێگەی دەقی شیعرییەوە.

٣-خستنەڕووی هەڵویستی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر بەهرەمەندێکدا.

٤-ناساندنی توانست و وردی گۆران لە ناساندنی دەروێشدا.

**١-بایۆگرافیای دەروێش عەبدوڵڵا:**

لە راستیدا تاوەکو ئێستا نەک بە شێوەیەکی ورد، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتیش ژیانی دەروێش عەبدوڵڵا لە هیچ سەرچاوەیەکەوە باس نەکراوە، ئەوەی هەیە چەند ویستگەیەکی کەمی ژیانی، یان چەند روداوێکی ژیانیەتی، کە بەگێڕانەوە باسکراون، ئەمانەش دووبارە سەلماندنی ژیانی پڕ مەینەتی و دەردەسەریی دەروێشە، وەک گۆران ناساندوویەتی.

دەروێش عەبدوڵڵا ناوی (عەبدوڵڵا قادر محەمەد) ە، ساڵی (١٨٩٠) لە دایکبووە، زۆربەی ژیانی لە سلێمانی بووە، لەشەوێکی ڕەمەزانی ساڵی(١٩٥٥) واتە لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا لەماڵی (شێخ مەحەمەدی مەحوی) ئەلبومێکی تۆمارکردووە، کە بەگشتی مەقام و گۆرانییەکانیەتی و نموونەی گۆرانی و مەقامی نایابن و خاوەن تایبەتمەندی و هونەرین، چونکە بەهرەو توانایەکی زۆری مەقامات و گۆرانی هەبووە، بەم پێیەش دەروێش عەبدوڵڵا شارەزاییەکی زۆری لە مەقامات و گۆرانیدا هەبووە، محەمەدی مەلا کەریم دەڵێت(دەروێش عەبدوڵڵا

شمشاڵ ژەنێکی بەهرەدار بوو، چارەکە چەرخێک لەمەوبەر دیومە، زۆرتر لە هەورامان ئەژیا).( مەلا کەریم،١٩٨٠ :١١٩)

دەروێش برایەکی هەبووە بەناوی (فەقێ ئیسماعیل سەرما بردوو)، ئەو برایەی ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە بڵاوکردنەوە و کۆکردنەوەی (بەیت و بەندو بەستە)کانی دەروێش عەبدوڵا، کە نووسەرو ئەدیبانی کورد سوودیان لێ وەرگرتووە، لەبارەی کارو بەسەربردنی ژیانی دەروێش لە شاری سلێمانیدا، د.زاهیر لەتیف دەڵێت" باوکم بۆی گێڕاومەتەوە کە دەروێش لای مزگەوتی (خانەقا) بەرامبەر دوکانی باوکم دانیشتووەو زۆر فەقیربووەو خەڵکی خێری پێ کردووە، کەواو سەڵتەیەکی لەبەردابووە ، هەمیشە شمشاڵێکی پێبووە، لە گیرفانیدا بووە، کە بێتاقەت بووە شمشاڵی لێداوە، لە کۆڵان و شەقامەکان گۆرانی نەوتووە، تەنها شمشاڵی لێداوە)(دیدار لەگەڵ د. زاهیر لەتیف،١٤-٩-٢٠٢٤)، سەبارەت بە ئیش و کاری دەروێشیش د.زاهیر لەتیف دەڵێت(کاسپی نەکردووەو کابرایەك بووە سیمایەکی بێگەردی هەبوو وەك فریشتە بووە، بۆیە خەڵك هاوکاری دەکرد، بەزۆری لە مزگەوتی خانەقاوە تا خانی مچە و مزگەوتی گەورە هاتوچۆی ئەکرد) (دیدار،٢٠٢٤)، کەواتە بەهۆی ئەم حاڵەتەشەوە نازناوی دەروێشی وەرگرتووە، واتە دێوانەیی ژیانی هۆکاربووە بۆ ناسینی بەدەروێش، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەروێش ناناسین تەنها لەڕێگەی ئەم دەقەی گۆڕانەوە نەبێت ، ئەگەر کەسێك هەبێت کە پێویست بێت قسەبکات، پێویستە وەک بەرپرسیارییەتێکی ئاکاری و نەتەوەیی زوو قسەبکات، تاوەکو بەیەکجاری ژیان و ڕۆڵی دەروێش ون نەبێت، دەروێش لە ساڵی (١٩٥٨) لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی شێخ محێدین بەخاک سپێردراوە. (kurdipedia.org).

**١-١-چەمك و پێناسەی سیماناسی:**

سیماناسی (Physiognomy) زاراوەیەکی یۆنانیەو پێکهاتووە لە دوو وشەو پێکەوە، بەواتای پێوانەی سروشت و بنەماکەی هاتووە ) (زیدان ،٢٠١٢: ٩)، بەم پێیەش لەدوو وشەی (فیزیس – physis)، واتە سروشت و (گنۆزس- gnosis)، واتە مەعریفە پێکهاتوە)( ابوزر، ٢٠١١: ٨١)، لە کلتوور و ڕۆشنبیری عەرەبیدا. سیماناسی وشەی( الفراسە) بۆ بەکارهاتووەو بەوە پێناسەکراوە کە "ڕووناکییەکە خودا دەیخاتە دڵی مرۆڤی باوەڕدارەوە، بۆئەوەی ڕاستی و هەڵە لەیەك جیابکاتەوە" (العدوی، ٢٠١٤ :٤٩٦)، یان سیماناسی بەبەڵگە بوونی ناخی مرۆڤە لەڕێگەی ڕەفتارە دەرەکییەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەموچاو سەرەکیترین کەرەستەی سیماناسیە لەجەستەدا، هەر لەبەر ئەمەشە سیماناسی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە، بۆیە بەپێی کلتوری ڕۆشنبیری گەلان، تێڕوانینی جیاوازی لەسەر هەیە.

یاخود سیماناسی لقێکە لەلقەکانی زانستی سروشتی و ئەو زانستەیە کە لایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ دەناسێنێت، بەو مانایەی (بەڵگەی ڕەنگدانەوەی کردارە دیارو روخسارییەکانە، کە لەبنچینەدا هی کردارە

ناخیەکانە) (خلف، ٢٠٢١: ٢٤٣) بەهەمان شێوەش لەسەردەمی نوێشدا (ئەو زانستەیە کە کرداری ناخی مرۆڤی پێدەناسرێت ) (نوری ،٢٠٢١ :٢٤٣)، کەواتە بەراورد کردن و لێکدانی روخساری مادی و ناوەڕۆکی واتایی مرۆڤەکانە، چونکە بنچینەکان بریتین لە ناوەڕۆکە واتایی، یان معنەویەکەو لێرەوە کەسەکان بنچینەو بوونیان دیاریدەکرێن، بەم پێیەش بێت، توانای زانینی سروشتی کەسەکانە، لەڕێگەی ڕەفتارو ئاکار و سیماو خاسیەتە دەروونییەکانیانەوە، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە سیماناسی کار لەسەر شێوەو سیمای دەموچاوێکی جێگر دەکات، چونکە تەنها لەم حاڵەتەدا لێکدەرەوەی باردۆخی ناوەکی و دەروونی و شارەوەی کەسەکەیە، نەك لە نواندنیدا، هەربۆیە ئەم سیمایانە بە هێواشی و لەسەرخۆ (تدریج) دەگۆڕێن و لەگەڵ کاتدا شێوە دەگرن و لەکۆتاییشدا دەبنە نیشانەو ناسنامەی ناخی کەسەکە، بەم پێیەش"سیماناسی پەیوەستە بە کارەکتەری دەرەکی مرۆڤەوە، بەو پێیەی دان بە هەندێک حوکمدانی دەروونیدا دەنێت"( عریبە ،٢٠٢٢: ٨٩)

یاخود (سیماناسی کەناڵێکی پەیوەندیە بەبێ قسەکردن، چونکە جوڵەی ئەندامانی جەستە لە گوزارشت و مانادا ناوەستێت، بەڵکو لە پەیوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەوانی تردا) (فاطمة، ٢٠١٥، :٢٤) سیماناسی لەزانستی دەروونناسیشدا "یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکان، کە پزیشکی دەروونی پشتی پێ دەبەستێت، بۆ گەیشتن بە کێشە سایکۆلۆژییەکان، کە کەسەکەی پێوە گیرۆدەبووە، هەندێ جاریش بۆ پزیشکی فیزۆلۆجیش هەمان کاریگەی هەیە، لەپێناو دەستنیشانکردنی سەرەتای نەخۆشیەکە"(روزنتری،٢٠٠٨ ،٣٤).

سیماناسی (بریتییە لە هونەری ئاشکراکردن و دۆزینەوەی کەسایەتی و باری گشتی مرۆڤ تەنها لە ڕواڵەتی دەرەکییەوە، واتە لێکۆڵینەوەیە لە جۆری بیرکردنەوە و کەسایەتیی کەسەکەوە بەهۆی شێوە و گوزارشتی سیمای کەسەکەوە، یان بە هونەری لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی کەسایەتی و کارەکتەری تاك لە ڕێگەی سیماکانی دەموچاو، یان پێکهاتەی جەستە پێناسەدەکرێت( د.بكاري مختار، علم الفراسة والذكاء وسرعة البديهة ،مدونة بكاري مختار)

سیماناسی وەک میتۆدیش کۆمەڵێك پرۆسەی ئەقڵییەو لەسەر کارەکە جێبەجێدەکرێت، ئامانج لێی ئاشکراکردنی ڕاستی و بەڵگەو ناساندنیەتی بەڕێگەیەکی ڕوون و بابەتیانە، بۆیە سیماناسی هەوڵدەدات بۆ ناسینی مرۆڤ بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، هەر بۆیە ئاماژەو نیشانەکانیشی بۆ ئەوە بەکاردێت، کە پەیوەندی دروستبکەن و لێبێتیبگەن، چ لەڕووی جەستە، یان ڕۆحەوە، بۆیە هەوڵ بۆ زانینی ڕەفتارەکان دەدات لە ڕێگەی دەلالەتەکانەوە، ئیدی ئاشکرابن، یان شاراوەو ناخی، لە سروشت و مەزاجەوە بێت، یان ئەو هەڵچوونانەی پەیوەندی بەتاك و کۆمەڵگەوە هەیە.

سەبارەت بە هەست و ڕوانگەوەی سیماناسی، ئەفلاتون پێیوایە هەندێك کات ناتوانین بگەینە مەعریفەی ڕاستەقینە، مەگەر لە ڕێگەی حەواسەوە نەبێت، بۆیە زۆری گفتوگۆکانی ئەفلاتون لەسەر دوانەی ( جەستەو

دەروونەوەیە)( بیدوح، ٢٠٠٩، ١٤)، بۆیە جەستە ئەو کلیلەیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ جیهانی مەعریفی و ناسینی دەروون، یان (جەستە ئامرازێکە بۆ هەستکردن بە جیهان، چونکە وادادەنرێت کە جەستەمان ئەو بابەتە سەرسوڕهێنەرەیە، کەبەشە تایبەتەکانیشی بەکاردەهێنرێت، وەك هێمای گشتی جیهان و بەو هۆیەشەوە کار لەسەر جیهان دەکەین و لێیتێدەگەین و دەلالەتەکانی دەدۆزینەوە(بیدوح ،٢٠٠٩، ١٨) ئەمەش واتە لەشی مرۆڤ بریتیە لە ڕستەیەکی پڕ لە نیشانەو لەپێناو تێگەشتنی، پێویستە پارچە پارچە بکرێت، بۆیە ئەرستۆ پێیوایە (( هەرشتێك لەم گەردوونەدا مەبەستێکی هەیە کەبۆی هاتۆتە بوون)( فاطمە، ٢٠١٥، ٥١)، ئەمەش واتە هیچ شێك لەم جیهانەدا بەبێ هۆکار و مەبەست و کار نییە.

لە کلتوری عەرەبیدا سیماناسی بە یەکێک لەو زانستانە دادەنرێت، کە خەڵکی پێ فێردەکرێت و پراکتیزە دەکرێت، هەروەها بەستراوەتەوە بە زۆرێک لە چیرۆک و وتەیەکەوە، کە ئەوە دەخەنەڕوو، هەروەک چۆن تاکێک دەتوانێت کەسایەتی کەسانی دیکە لەڕێگەی سەرنجدان لە شێوازی قسەکردن و جووڵەیانەوە بخوێنێتەوە، هەربۆیە سیماناسی بریتییە لە توانای خوێندنەوە و تێگەیشتن لە کەسایەتی و سروشتیان(طبع)، لەڕێگەی چاودێریکردنی سیماکانی دەموچاو و گوزارشتی جەستە و کرداری تاکەکان، یاخود سیماناسی یەکێکە لە چەمکەکان لە دەروونناسی تەقلیدیدا، و بە درێژایی سەدەکان، لەپێناو تێگەیشتن لە کەسایەتییەکان، لەلایەن فەیلەسوف و زاناکانەوە بەکارهێنراوە.

**١-٢-مێژووی سیماناسی:**

سیماناسی زانستێکی کۆنەو گرنگی بە تێگەیشتن لە کەسایەتییەکان و دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانیان دەدات، ئەمەش لەڕێگەی چاودێریکردنی تایبەتمەندییە فیزیاییەکان و دەرەکییەکانەوە دەبێت. ئەم زانستە هەر لە کۆنەوە لەڕێگەی سیمایانەوە، گرنگیداوە بە لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤەکان، بۆیە مێژوویەکی دوورودرێژ و هەمەجۆری هەیە لەکولتوور و شارستانیەتییە جۆراوجۆرەکاندا، کەواتە سیماناسی (لە کۆنەوە بوونی هەبووە و لە کارامەییەکەوە پەرەی سەندووە، چونکە کارامەییەکە لەسەر بنەمای سەرنجدان بنیادنراوە و بووەتە زانستێکی جیاواز. لە ڕۆژهەڵاتدا لە سەرەتا پشت بە ئەزموون و شارەزایی ژیانیان دەبەسترا، لەکاتێکدا لەفەلسەفە ڕۆژئاواییەکاندا، گرێدراوی دەروونناسی و مرۆڤناسی بوو) (کروش،٢٠٢٢، ٦١).

هەربۆیە(سیماناسی زانستێکی کۆنە و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە مێژوودا هەیە، بە تایبەت لە ناوچەی عەرەبی بۆ نموونە لە ساڵی ٥٠٠ پ.ز)(مختار،مدونة )، سەبارەت بەکۆنترین کار کە لەسەر سیماناسی کرابێت، کارێکی هۆمیرۆسە کە لە سەدەی (١٠پ.ز) شتێکی لەسەر خوێندنەوەی دەست نوسیوە، جگە لەمەش ( اقلودیوس ) حەکیمی یۆنانی لەسەدەی(٢پ.ز) بەشێکی لەسەر زانستی سیمیاناسی نوسیووە، هەندێکی تر پێیان وایە میسریە کۆنەکان لەنزیکەی ( ٢٠ )سەدە پێش زاین کاریان لەم بارەیەوە کردوە (

جرجی،٢٠١٢ :٩)، بۆیە سیماناسی زانستێکی سەربەخۆ نەبووە ، تاوەکو ئەرسۆ (لەسەدەی ( ٤ پ.ز )شەش بەشی بۆئەم بابەتە تەرخانکردوەو تێیدا باس لە مرۆڤ و ئەو نیشانانەی، کە ئاماژەن بۆ بەهێزی و لاوازی و زیرەکی و بێ ئەقڵی و....... تاد، سیما و ڕەنگ و شێوەی قژ و جەستە کردووە، جگەلەمەش فەیلەسوفی یۆنانی هیپۆکراتس (نزیکەی ٤٦٠-٣٧٠ پ. ز) یەکێکی ترە لەو کەسانەی کە لە دەقە پزیشکییەکانیدا لەسەر سیماناسی نووسیوەو پێیوابووە سیماناسی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان و تایبەتمەندییە جەستەییەکانی بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکەوە گرێداوە( جرجی،٢٠١٢ :١٠)، پاشان (بولیمون الترسوسی سۆفستایی یۆنانی لەسەدەی دووی زاینیدا، کتێبێکی گەورەی هەیە لەسەر سیماناسی و لەهەفتا بەش پێکهاتوە)(مراد،٢٠٠٢: ٦١)

بەدەرلەمەش سیماناسی(بە بەشێک لە پزیشکی تەقلیدی چینی کۆن دانراوە، بەو پێیەی پزیشکەکان پێیانوابووە کە سیماکانی دەموچاو دەتوانێت حاڵەتی ئەندامەکانی ناوەوەی تاک ئاشکرا بکات، جگەلەمەش ڕێگەی (سیانخ میان) ڕێگەیەکی چینیە بۆ خوێندنەوەی سیماو دەم و چاوەکان و بەپێی ئەم ڕێگایە، دەم و چاوەکان باسی هەموو ئەو شتانەت بۆ دەکات، کە دەتەوێت لە کەسایەتی مرۆییدا بیزانی)( یونغ، ١٩٨٨: ٤)، لەهیندستانیش سیماناسی "بەشێک بووە لە پزیشکی ئایورڤێدی و بۆ هەڵسەنگاندنی تەندروستی و باری ڕۆحی مرۆڤ بەکارهاتووە"( جرجی، ٢٠١٢ :٨)، دواتر ( ببتیستابورتای ئیتاڵی لەکۆتایی سەدەی شانزەدا (دە) نامەی لەسەر سیماناسی مرۆڤ نوسیوە و تێیدا ڕاستی ئەم زانستەو جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی تێکەڵی دەبن ، لەخەیاڵات و خورافیاتی روونکردۆتەوە)( جرجی، ٢٠١٢ :٩)،

سەبارەت بەیەکەمین کار کە لەم بارەوە کرابێت لە تاقیگەکاندا، د.بکاری مختار دەڵێت"(جیامباتیستا دێلا پۆرتای ئیتاڵی بە باوکی ڕۆحی ئەم زانستە دادەنرێت، چونکە لە سەرەتای ساڵانی(١٦٠٠)دا یەکەم کەسە کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە کیمیاییەکانەوە دۆزیویەتیەوەو تێیدا کرۆکیی ماددە پاکەکانی تەقاندووە و بەراوردی کردن بە کرۆکی مرۆڤ و بۆی دەرکەوت کە دەتوانرێت لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەزموونی سیفەتە جەستەییەکانی مرۆڤەوە دەستنیشان بکرێت)(مختار، مدونة)

لەگەڵ ئەوەی سیماناسی لقێکە لە لقەکانی مەعریفەی مرۆیی، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندیشی بە چەند زانستێکی ترەوە هەبووە وەک پزیشکی فیزیکی، دەروونی و خوێندنەوەی دەست، بەڵام لەئێستادا زانستێکی سەربەخۆیەو کار لەسەر ڕەنگدانەوەی ڕەفتارە ناخییەکان دەکات لەسیمای مرۆڤدا، ئەمەش لەوەوەیە کە دەروونی مرۆڤ خوێندنەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، بۆیە سیماناسی ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ڕاستی، چونکە گەڕانە بەدوای ڕاستیدا، هەربۆیە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا کێشەو گرفتە فیزیکی و دەروونییەکان سەریانهەڵداوەو چەندین ڕێگەیان بۆ گیراوەتەبەر، یەکێک لەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ناسینەوەیان سیماناسی بووە، بەوەی

زۆرجار نیشانەکان پەیوەستن بە وەکیەکی و لێکدانەوەی نیشانەکانی جەستەی کەسەکە، کە نوێنەری واقیعی ڕووداوەکانن.

جگەلەمەش( لەساڵی (١٧٧٨) کتێبی زانای ئەڵمانی ( جون کسبار ) بڵاوکرایەوە، کە لەم زانستەدا باس لە فیسیۆلۆژیاو توێکاری و یاساکانی ئاکارو جوانی بە وێنەکردوە، پاشان لەساڵی (١٨٦٦) (ساموێل ولس ) خاوەنی رۆژنامەی (فرینۆلۆژیا ) دێت)(زیدان ،٢٠١٢ : ١٠)

سیماناسی لە ئەوروپاشدا( لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەردەوام بووە و وەک بابەتێکی زانستی وتراوەتەوە، چونکە سیماکانی دەموچاو بە ئامرازێک دانراوە بۆ هەڵسەنگاندنی سیفەتە ئاکاری و دەروونییەکان، ئەم زانستە لەسەدەی هەژدە بەشێوەیەکی باش لەسەر دەستی فەیلەسوف و لاهوتی سوسیری(جوهان کاسیر لافاتر) دەرکەوت و لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە ،تێکەڵ بووە لەگەڵ دابونەریتی تایبەت بە سیستمی گەلی (شعب) و لایەنی دەروونیەوە) (ابوزر ، ٢٠١١ :٨٧).

لە سەدەی نۆزدەهەمدا زانای سویسری یۆهان کاسپەر لاڤاتەر گرنگی بە زانستی سیماناسی داوە و لە ساڵی (١٧٧٥)دا کتێبێکی بەناوبانگی بە ناوی "سیماناسی Physiognomy" نووسیوەو تێیدا هەوڵیداوە بناغەی زانستی بۆ ئەم بوارە دابنێت(جرجی ،٢٠١٢ : ١٠).

عەرەبەکانیش ئەم زانستەیان لەیۆنانیەکانەوە وەرگرتوە، چونکە لای ئەوان زیاتر بڵاو و وردتر بوو)(مراد،٢٠٠٢: ١٧)، لای عەرەبەکان ابن سینا یەکەم کەسە باسی وشەی سیماناسی کردووە (مراد،٢٠٠٢: ٣٦)، جگەلەمەش (لەعەرەبیشدا فەخرەدین رازای و ابن قەیمی جەوزی یەکێکن لەو نوسەرانەی کە کتێبیان هەیە بە ناوی (الفراسه)ەوە (مراد،٢٠٠٢ :٦٢) ئیبن سینا و الرازی لەسەر ئەم زانستە نووسیویانە و بەستوویانەتەوە بە کاری پزیشکی و دەستنیشانکردنی پزیشکییەوە، جگەلەمەش عەرەبەکان کتێبی تایبەتمەندیان لە بواری سیماناسیدا نووسیوە و ئەم زانستەیان بە ئامرازێکی تێگەیشتن لە کەسایەتیەکان و دیاریکردنی دۆخی تەندروستی و دەروونی تاکەکان زانیوە، هەربۆیە سیماناسیش لای عەرەبەکان (زانستێکە لەزانستە گشتییەکان و بەئاکاری ناوەکی خەڵک ناودەبرێت) (زیدان، ٢٠١٢، ٨)

لە سەدەی بیستەمدا سیماناسی وەک زانستێکی ورد، بەهۆی پێشکەوتنەکانی زانستە دەروونی و پزیشکییەکان، کە شێوازی وردتر و متمانەپێکراوتریان بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و بارودۆخی تەندروستی دابیندەکرد، دەستی بە لەدەستدانی ناوبانگ کرد، لە سەردەمی نوێدا سیماناسی بە زانستێکی ورد دانانرێت و چیتر بە بەشێک لە زانستە دەروونناسی و پزیشکییە فەرمییەکان دادەنرێت، چونکە شێوازە مۆدێرنەکان پشت بە بناغەی زانستی وردتر دەبەستن لە تێگەیشتن لە کەسایەتییەکان و دەستنیشانکردنی پزیشکی، بەڵام هێشتا سیماناسی لە هەندێک کولتووردا، وەک بەشێک لە میرات و نەریتی فۆلکلۆر بەناوبانگە.

لای کورد لەدەقی شیعرییدا، وشەی(شێوە) بەکارهاتووەو بێسارانی ئەم وشەیەی بەکارهێناوە لە دەقی( شێوە لەولاوێ مەبۆ نە چەمەن نە دەوری ڕێحان چووزەی یاسەمەن ) (مەلاساڵح ،١٣٧٥،٣٧٧) ئەگەرچی کورد لەم بارەوە هیچ کتێبێك و نوسینێکی نەبووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆڵی نەبووبێت، بەڵکو هەمیشە بەپێی کەلتورو دابونەریت ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، بۆ نموونە قڵیشان و چرچولۆچی دەموچاو، دەست، یان قاچ ڕاکێشان لەماڵەوە بە ئامادەبوونی باوك، خۆنەگۆڕین لە کاتی میوان، هەندێ و جوڵەو ڕاوەستان....تاد، هەڵگری ماناو مەبەست بوون، کەواتە پەیوەندی لە نێوان سیمای دەموچاو و سیفەتە دەروونییەکاندا هەیەو پێویستە هەریەکەشیان لەڕێگەی تایبەتی و پەیوەندیداری خۆیەوە لێکدانەوەی دروستی بۆ بکرێت.

**١-٣-سیماناسی لە ئەدەبدا**

سیماناسی لە ئەدەبدا ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی توانای خوێندنەوە و شیکردنەوەی کەسایەتی و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی قووڵتر لە ڕێگەی دەقە ئەدەبییەکانەوە، بۆیە نوسەران(سیماناسی بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی کەسایەتی ئاڵۆز و قووڵ، یان بۆ پیشاندانی هەندێک لایەنی سروشتی مرۆڤ)(مراد،١٩٨٢ ،٢٤)، هەربۆیە سیماناسی لە ئەدەبدا بەچەند ڕێگەیەک کاری تێدادەکرێت:

**١-لێکدانەوەی کەسایەتی:**

لە ئەدەبدا نوسەر دەتوانێت سود لە سیماناسی وەربگرێت بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی و کارەکتەری فرەڕەهەند، ئەمەش لەڕێگەی وردەکاری ورد لە وەسفکردنی کارەکتەرەکان و دەربڕین و ڕەفتارەکانیان، بەمەش (خوێنەر دەتوانێت لە پاڵنەر و ململانێ ناوخۆییەکانیان تێبگات، بۆ نموونە لە ڕۆمانی تاوان و سزای دۆستۆیۆڤسکیدا، شیکاری کارەکتەری ڕاسکۆڵنیکۆڤ نیشاندەدات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ هەستکردن بە تاوان و هەڵە دەروونییەکان دەکات)(سفیحی،٢٠١٥،٢٦)، لەم دەقەی گۆرانیشدا کەسایەتی دەروێش عەبدوڵای کردووەتە نموونە بۆ خوێندنەوەی رووداوەشاراوەکانی ناخی دەروێش و هۆکارەکانی.

**٢- لێکدانەوەی هێما و ئاماژەکان:**

ئەدەب چەندین هێما و نیشانەی تێدایە، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی سیماناسییەوە قووڵتر لێکبدرێتەوە، چونکە هێماکان دەتوانن ڕەنگدانەوەی هەندێک تەوەری ئەدەبی بن، یان لایەنە شاراوەکانی کارەکتەرەکان ئاشکرا بکەن. بۆ نموونە لە ئەدەبیاتدا لەپێناو دەربڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەمزەکان بەکاردەهێنرێت، لای گۆرانیش نیشانەکانی دەموچاوی دەروێشی کردووەتە نیشانە بۆ ناسینی بارودۆخ و گوزەرانی دەروێش عەبدوڵڵا.

**٣- تێگەیشتن لە کۆنتێکستی دەروونی:**

زۆرجار ئەدەب مامەڵە لەگەڵ ململانێ دەروونییەکان و ئەزموونە ناوخۆییەکانی کەسایەتییەکان دەکات. لەم پێناوەشدا سیماناسی یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی کاریگەری ئەم هۆکارانە لەسەر کەسایەتییەکان و چۆنێتی کارلێککردنیان لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان، گۆرانیش لەم دەقەدا لەڕێگەی پەستانی دەروونی و نەستی دەروێشەوە ڕووداوەکان دەناسێنێت.

**٤-لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان کەسایەتییەکان:**

سیماناسی دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێوان کارەکتەرەکان و چۆنیەتی پەیوەندییەکان و کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی چنین(حبکە). خوێنەر بە شیکردنەوەی داینامیکی نێوان کارەکتەرەکان، دەتوانێت لەوە بگات، کە چۆن ناکۆکی و گرژییەکان لە دەقەکەدا پەرەدەسەن و ململانێی نێوان کەسایەتییەکان سەر هەڵدەدەن.

**٥- پێشکەشکردنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان:**

بەو مانایەی ئەدەب هەندێک جار لە ڕێگەی کەسایەتی و ڕووداوەکانییەوە، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ڕەنگدەدەنەوە، بۆیە سیماناسی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە چۆن بەرهەمە ئەدەبییەکان ڕەنگدانەوەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانن و چۆن ئەم پرسانە کاریگەرییان لەسەر کارەکتەرەکان هەیە، ئەم دەقەی گۆرانیش نموونەیەکی دیارو وردە لەم راونگەیەوە.

**٦- گەڕان بەدوای هێما و مانای قووڵ:**

زۆرجار ئەدەب مانای قووڵی هێمادار لەخۆدەگرێت، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی سیماناسییەوە لێی بکۆڵرێتەوە. ئەو هێما و تەوەرانەی نووسەران بەکاریدەهێنن، دەتوانن ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی قووڵتری فەلسەفی، یان کۆمەڵایەتی بن، هەربۆیە سیماناسی لە ئەدەبدا ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە دەقەکان و بەرزڕاگرتنی ئاڵۆزی کارەکتەر و ڕووداوەکان دەرەخسێنێت و یارمەتی خوێنەر دەدات، قووڵتر لەگەڵ دەقەکاندا بەشداری بکەن و ڕەهەندی مرۆیی لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بنرخێنن.

**١-٤- ڕۆڵی سیماناسی لە بەهەمهێنانی مانادا:**

سیماناسی بەپلەی یەکەم کارنامەیەکی سەرەکی هەیە، کە بریتیە لەکارنامەی ڕاگەیاندن، یان هەواڵدەری لە مەدلولەکە لەسەر بنەمای سیماناسی، یان ڕەفتارەکە، چونکە مەبەست لە سیماناسی (( دەرئەنجامی حاڵەتی

ڕوخساره لەسەر بنەمای ئاكاری ناوەكی)( الرازي ، ٢٠٠٧: ٤٧)، بەو مانایەی كردەی ڕەفتارەكە دیارە، بەڵام ئاكارەكە لەناخ دایەو دیارنییە، هەربۆیە (سیماناسی هەوڵی ئاشكراكردنی نهێنی دەروونی مرۆیی دەدات، لەگەڵ ناسانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەكان)(مراد،٢٠٠٢: ٧٦)، كەواتە سیماناسی بریتیە لە زانینی حەقیقەتی مرۆڤ لە ڕێگەی نیشانەو ئاماژە جەستەییەكانی، كە نوێنراوی حاڵەتی ناوخۆیی و شارەوی مرۆڤن.

لە سیماناسیدا دەموچاو برۆ و.....تاد لەڕوانگەی بەخشینی ماناوە ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام بەپێی كلتوری گەلان هەمیشە بە شتی قەدەغەكراو سەیركراون و ڕێگەیان پێنەدراوە، بۆیە ئەمانەش ئەگەرچی لە ڕوانگە زانستیەكەوە بەكارنەهاتوون، بەڵام هەمویان بریتین لە سیماناسی، بەو پێیەی ئەمانە نیشانەیەكن و لێكدانەوەو ڕاڤەیان ویستوە، دواجار شێوەو جۆری جیاوازتر هاتووەتە ئاراوە، وەک دەست خوێندنەوە، ناسینەوەی جێ پێكان...تاد، دواجاریش زانستی ڕێكپۆشی(قیافە) كە كار لەسەر شێوەو جوڵەكانی جەستەدەكات و بەدوای مانا شاراوەكانیدا دەگەڕێت، ئەمەش وەك ئەوە وایە، كە ئاو لەجەرگەی شاخێكدا، یان زەوی دەربكەیت، ئەمەش پێویستی بە ناسینی زەوی و خاك و....تاد هەیە، پاشان ئەم كارە ئەنجامبدەین.

كەواتە سیماناسی كار لەسەر مانا شاراوەكان، یان ناڕاستەوخۆكانی ڕێكپۆشی مرۆڤ، یان هەردیاردەیەكی تری سروشت، بەشێوازێك هەرشتێك ببێتە ئاماژەیەك بۆ شتیكی تر، لە ڕووی سیماوە ئەوە دەچێتە ئەم خانەیەوە ، بەڵام ئەو ئاماژانەی كە ڕێكەوتنیان لەسەرە، یان هەڵگری نیشانەی سیمیۆلۆژین و بە بەراوردكردن، ماناكانیان بە چەند شێوازێك لێكدەدرێتەوە، ناچنە ئەم خانەیەوە، چونكە سیماناسی بەشێكە لە سیمیۆلۆژیا.

**١-٥- تایبەتمەندییەكانی سیماناسی**

دەتوانین لەسیماناسی دا چەند تایبەتمەندییەكی گرنگ بخەینەڕوو، كە وا دەكات گرنگی پێ بدرێت، ئەمەش بەهۆی وردی لە سەرنجدان و توانای لێكدانەوەی ئاماژە وردەكان. دیارترین لە تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی سیماناسی بریتین لە:

**١-توانای سەرنجدانی ورد:**

لەبەرئەوەی سیماناسی گرنگی بە سیما دەدات و پەیوەستە بە تێبینیكردنی وردەكارییە بچووكەكانی سیماكانی دەموچاو و جوڵەی جەستە و دەربڕینی مرۆڤەوە، بۆیە لەم كارەدا پێویستی بە توانای ناسینی جیاوازییە وردەكانی دەركەوتن و ڕەفتارەكان و....تاد و وردی و سەرەنج و فۆكەسەوە هەیە، تاوەكو لەڕێگەیەوە ماناو مەبەستەكە لێكبدرێتەوە.

**٢-بەڵگە و شیكاری:**

لەراستیدا سیماناسی خۆی لەخۆیدا بریتییە لە تێکەڵەیەک لە بەڵگە و شیکاری، چونکە پشت بە بەڵگەی خۆی دەبەستێت بۆ خوێندنەوەی کارەکتەرەکان و لێکدانەوەی کردارەکان، ئەمەش بە شیکردنەوەی لۆژیکی زانیارییە چاودێری کراوەکان، ڕۆڵەکەی دەردەکەوێت، بۆیە هەموو لێکدانەوەو شیکارییەکی سیماناسی، رەنگدانەوەی بەڵگە یان رەفتارەکەیە.

**٣-کارلێککردن لەگەڵ ئەزموون و فێربوون:**

بەو پێیەی ئەزموون ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە باشترکردنی کارامەییەکان بەگشتی و سیماناسی بەتایبەتی، بۆیە لەرێگەی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی جیاوازدا،کەسەکە دەتوانێت توانای خوێندنەوەی کارەکتەرەکان باشتر بکات و لەو ئاماژانە تێبگات، کە دەیدەن.

**٤-جیاوازی تاکەکەسی:**

هەر مرۆڤێک لە شێوازی دەربڕین و ڕەفتارەکانیدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە سیماناسی ئەم جیاوازییانە لەبەرچاو دەگرێت، چونکە هیچ یاسایەک جێگیر نییە و تێگەیشتن لە کەسایەتییەکان لەسەر بنەمای چاودێریکردنی رەفتارە جیاوازەکانی تاکەکەسییەکان دەبێت، چونکە ئەمانە هەڵگری پەیامەکەن.

**٥-لێکدانەوە، نەک هەڵسەنگاندن:**

لەبەرئەوەی سیماناسی کار لە لێکدانەوەی کەسایەتییەکان لەسەر بنەمای زانیارییە بەردەستەکان و رەنگدانەوەی سیما و رواڵەت دەکات، نەک حوکمدانی پۆلێنبەندی، بۆیە لەوانەیە لێکدانەوە هەندێک جار ورد، یان راست نەبن، لەبەرئەوە گرنگە بابەتییەت و نەرمی لە تێگەیشتندا بپارێزرێت.

**٦-توانای پەیوەندیکردن:**

زۆرجار سیماناسی پێویستی بە توانای دروستکردنی پەیوەندیەوە هەیە، چونکە تێگەیشتن لە کارەکتەرەکان و کارلێککردن لەگەڵیان بە شێوەیەکی کاریگەر، پەیوەستە بە توانای لێکدانەوە و وەڵامدانەوەی ئاماژە نازارەکییەکانیانەوە، هەروەها پێویستە ئاماژش بەوە بکرێت، کە سیماناسی هەرچەندە پشت بە بنەما وردەکانی چاودێری و شیکردنەوە دەبەستێت، بەڵام زیاتر وەک هونەرێک دەمێنێتەوە، نەک زانستێکی ورد. ڕەنگە هەمیشە ئەنجامەکان گەرەنتی نەبن، بەڵام ئامرازی گرنگن بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پەیوەندییە مرۆڤییەکان، زۆرجاریش زانینی تایبەتمەندیی کەسەکان.(مصطفى عشور، الفراسه، مكتبه القران، رياض، ٢٠٠٦ك،١٠)

**١-٦- گرنگی سیماناسی لەدەقدا :**

سیماناسی کارامەییەکی گرنگە و یارمەتی مرۆڤ دەدات لە کەسایەتی تێبگات، جگەلەمەش لە ڕێگەی سیماکانی دەموچاو و جوڵەی جەستە و کردارەکانەوە ڕەفتارەکان شیدەکاتەوەو بەشدارە لە بەرزکردنەوەی زیرەکی کۆمەڵایەتی و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تر بە شێوەیەکی هۆشیارانەو وردتر، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی سەرکەوتوو، چ لە ژیانی کەسی یان پیشەیی، هەروەها سیماناسی یارمەتیدەرە بۆ بڕیاردانی دروست بە جیاکردنەوەی ڕاستگۆیی و ناڕاستی، ئەمەش ئەگەری کەوتنە ژێر چاوبەست، یان مەترسی کەمدەکاتەوە. جگە لەوەش ئامرازێکی بەهێزە لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردندا، بەو پێیەی سەرکردەکان دەتوانن کەسانی گونجاو هەڵبژێرن و لە پاڵنەرەکانیان تێبگەن. لە ئەدەبدا سیماناسی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی کارەکتەرەکان و واقیع بینانەتر و قووڵترکردنیان. بەگشتی هەبوونی لێهاتوویی سیماناسی متمانە بەخۆبوون بەرز دەکاتەوە و پاڵپشتی سەرکەوتن دەکات لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا.

سیماناسی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە دەرکەوتووە، کە پشت بە شیکردنەوەی تایبەتمەندی و ڕەفتارەکان دەبەستن، وەک شێرلۆک هۆڵمز، لە ڕۆمانەکانی ئارسەر کۆنان دۆیلدا، لە چارەسەرکردنی تاوانەکاندا پشت بە سیماناسی دەبەستێت.( دویلو، ٢٠٠٧، ٣٢)، هەروەها ژان ڤالجیان لە ڕۆمانی بێنەواکانی ڤیکتۆر هوگۆدا، زیرەکی زگماکی خۆی لە شیکردنەوەی کارەکتەرەکاندا نیشان دەدات( کونتیت، مدار، ٢٠٢٣)، لەم سۆنگەوە نووسەرانی عەرەب لە نووسینەکانیاندا باسیان لە سیماناسی کردووە، وەک(ئیبن المقفع) لە نووسینەکانیدا زیرەکی کارەکتەرەکان لە ڕێگەی کردار و وتەکانیانەوە ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها ئەلجاهیز ئاماژەی بە ڕۆڵی سیماناسی کردووە لە تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤدا( هارون، ٢٠١٣ ،٥٧)، جگەلەمەش ئیبن قەیم الجوزی" لە ڕوانگەی ئایینی و زانستییەوە باسی سیماناسی کردووە)( الجوزي،٨٩،٢٠١٠)، بۆیە سیماناسی بەگشتی و لەدەقدا بەتایبەتی، کۆمەڵێک ڕۆڵ و گرنگی هەیە، چونکە ڕێگەیەکی ئاسانی ناسینەوەی ناخی مرۆڤەکانەو هۆکارە بۆ بەهێز نیشاندانی کەسەکان لەبەرامبەر ئەوانەی تردا، هەروەها هۆکارە بۆ ڕەچاوکردنی دەروونی بەرامبەرو پاراستنی سنور و ئارامی و دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەو ........ تاد کەسەکان، هەر بۆیە بەکارهێنانی سیماناسی لای شاعیر، نیشاندانی زەمەنێک و بارودۆخێکە لەکەمترین وشەداو لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێت وەک پیاهەڵدان ، یان زەمکردن ......تاد بەکاربهێنرێت، چونکە خۆی لەخۆیدا سیماناسی خوێندنەوەیەکی ئەقڵییە بۆ کردەی مرۆڤ و جۆرێکە لە بەقسەهێنانی ئەندامانی جەستە، لەگەڵ ئەمشدا جوانکاری ناتوانێت فێڵی لێبکات.

**١-٧-سودەکانی سیماناسی:**

بەگشتی سیماناسی کۆمەڵێک سوودی هەیە، ئەم سودانەش دەرئەنجامی ئەو کارانەن، کە لە بەکارهێنانی سیماناسیدا گیراونەتەبەر، وەک تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتییەکان، چونکە سیماناسی یارمەتیدەرە لە شیکردنەوەی کارەکتەر و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی سەرکەوتوو لە ژیانی کەسی و پیشەییدا، هەروەها یارمەتیدەر بۆ بڕیاردانی دروست، چونکە سیماناسی توانای جیاکردنەوەی ڕاستی و درۆی هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە لە دوورکەوتنەوە لە مەترسییەکان و بڕیاردانی ژیرانە، جگەلەمەش باشترکردنی توانای پەیوەندیکردن، بەو مانەیەی بە تێگەیشتن لە زمانی جەستە و دەربڕینی دەموچاو، دەتوانرێت پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسانی دیکە باشتر بکرێت و بە شێوەیەکی کاریگەر کارلێکیان لەگەڵدا بکرێت، بەهۆی ئەمەشەوە توانای خوێندنەوەی دۆخەکان و تێگەیشتن لەوەی کە لە مێشکی کەسانی دیکەدا دەگوزەرێت بەرزدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە وشەی ڕاستەوخۆ هەبێت.

بەدەر لەمانەش هۆکارە بۆ سەرکەوتن لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردندا، چونکە یارمەتی سەرکردەکان و بەڕێوەبەران دەدات، کەسانی گونجاو بۆ کارەکان هەڵبژێرن، لە پاڵنەرەکانی تیمەکانیان تێبگەن، و پاڵنەریان بۆ دروستبکەن بە شێوەیەکی کاریگەر، بەهەمان شێوە ئەمە لە دەقی شیعریی و چیرۆک و ڕۆمانەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە شیکاری کارەکتەرەکان لەئەدەب دا لەڕوانگەی سیماناسییەوە بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لە کارەکتەرەکان و زیادکردنی ڕیالیزم بۆ ڕووداوەکان و بەرزکردنەوەی متمانە بەخۆبوون، بەوەی کاتێک مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە باشتر لە کەسانی دیکە تێبگات، هەست بە متمانەی زیاتر دەکات، هەروەها توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکاندا هەیە، هەربۆیە سیماناسی تواناکانی مرۆڤ پەرە پێدەدات، بەشێوازێک وا دەکات بتوانێت بزانێت کێ لەبەردەمیدا وەستاوە، واتە کارامەییەکی بە بەهایەو دەتوانرێت لە ڕێگەی چاودێری و ئەزموونەوە پەرەی پێبدرێت و ئامرازێکی بەسوودە لە زۆر بوارەکانی ژیاندا، بۆیە ئاشناکردنی سیماناسی بەخوێنەران، یان هەر چینێکی تر لە ڕیگەی ئەدەبەوە ، دەتوانێت بەهرە شاراوەکانیان بە خوێنەر بناسێنێت و بەهۆشیەوە دەتوانێت لە کارە هەڵەکان، یان هاوڕێی خراپ بیانپارێزێت، بەمانایەکی تر پارێزگاریکردن لە خەڵکی و لەو شەرەنگێزیە زۆرەی کە دەورەی داوە، جگەلەمەش هۆکارە بۆ گەشەی خودو زانیاری خودی و ناسینی تواناکانی خۆی و دیاریکردنی نەخۆشییەکان.

**٢-ڕۆڵی سیماناسی لە دەقی( دەروێش عەبدوڵڵا)ی گۆراندا**

بەگشتی سیماناسی لەدەقی شیعریی شاعیرەکاندا ڕۆڵی خۆی گێراوە، بەو پێیەی شاعیرەکان سیماو ئەندامانی جەستەیان بۆ ڕەنگدانەوەو مەدلولە جیاوازەکان بەکارهێناوە، لەلایەك لەپێناو ئەوەدایە، کە ڕاڤەی نیشانەکان بەجیاوازو وردتر بکرێت، لەلایەکی ترەوە لادانێك لەناو دەقەکاندا بکەن، چونکە دەقی شیعریی ئامرازی گەیاندنی مانا ناوەکییەکانە، ئەمەش لەبواری سیمیۆلۆژیادا هەریەکە لە بارت و کریستیڤا فۆکەسیان

خستۆتەسەری، لەم بارەوە پارت پێیوایە ( چێژی دەق و ڕوخساری دەرەوەی زمان تێدەپەڕێنێت)(بارت،١٩٨٨: ٤٠)، ئەمەش بەو مانایەیە مەبەستەکان لەناو کرۆکی دەقەکاندایەو پێویستی بەوردی و قووڵی لە نوسین و دەربڕینەکان بڕوانین، کریستیڤاش دەڵێت (دەق دیاردەیەکی زمانەوانییە، بە مانایەکی تر دەلالەتێك نییە لەڕێگەی کرۆکی زمانەوانییەوە لەسەر سیما بونیادنرێت، بەڵکو وا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە بونیادێکی ڕوکەشە)(Kristeva,1999 : 11 )، ئەمەش واتە گواستنەوە لەڕوخسارەوە بۆ ناوەڕۆك، بەمەش دەقێکی تر بەرهەمدێت، کەنیشانەو ئاماژەکان دەگەیەنێت، هەر ئەمەش مەبەستی شاعیرەکەیە، بۆیە لە دەقی شیعرییدا خوێنەر ناچارە کۆدەکان بکاتەوە، تاوەکو لێیان تێبگات و دەقە بەرهەمهاتووەکەی ناو دەقەکە بناسێنێت.

عەرەبەکان نیشانە سیمیۆلۆژیەکانیان (وەك گرنگترین هۆکار بۆ گەیشتن بە چەمکە میتافیزیکیەکان( دەم و چاوی کەسەکە، یان وەك کتێب خوێندنەوە) دەخوێننەوە، بە هۆیەشیەوە بنچینەکەیان دەزانی، وەک ڕادەی ئازایەتی و ترسنۆکی بەتوانایی و لێهاتویی، خەڵکی کوێیە، چی دەوێ )( الفقی ،٢٠١٠: ٦٧)، بۆیە هەندێ کات ئەو شتەی بەچاو دەبینێت، یان دەیبیستێت، تەنها هەسپێکراوی  شکڵی بن و لە پشتیانەوە چەندین مانای شاراوە هەبن، بۆیە بەکارهێنانی جەستە بەشێوەیەکی ورد، دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەقی سیمیۆلۆژی، بۆیە ئەم سیماناسیەی کە لێرەدا مەبەستمە، بەبەکارهێنانە یۆنانیەکەیە، نەك عەرەبیەکە، چونکە کارکردنە بەو پرۆسە عەقڵیەی کە تێگەشتنی سیمیۆلۆژی کاری لەسەردەکات، جگەلەمەش مرۆڤ بەپێی کات شوێنەکان دەگۆڕێت، بۆیە دەلالەتەکانیش بەپێی ئەم حاڵەتانە دەگۆڕێت، لەبەرئەوە هیچ شتێك بە جێگیری نامێنێتەوەو بەپێی گۆڕانی ئەقڵەکان، تێڕوانینەکانیش لەسەر شتەکان دەگۆڕێت.

لەڕاستیدا سیماناسی ڕێگەیەکە بۆئەوەی لەڕێگەی دەموچاو و زمانی جەستەوە خوێندنەوە بۆ کەسەکە بکەیت، ئەمەش وادەکات ئاسانتر تێبگەیت و پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرتدا هەبێت، ئەم کارەی گۆرانیش، نشانەی ئاگادربوونیەتی لە سیمانسی و زمانی جەستە، بەمانایەکی تر کارکردنی گۆران لەسەر سیماناسی، نیشانەی رادەی بیرتیژی و وردی و هوشیاری گۆرانە بۆ وێنەکانی دەوروبەری، ئەگەر نا، بۆچی شاعیرەکانی تر، کە بینەری ڕووداوەکە بوون، هیچیان لەسەردەروێش نەنوسی، بەڵام گۆران نوسیویەتی، چونکە بەدەرلەوەی گۆران وردترو هەستیارتر لەدەوروبەری ڕوانیووە، دیوانەکەشی بەڵگەی ئەم راستییەیە، گۆران هەمان موعاناتی دەروێش ژیاوە لە سلێمانی، بەوەی گوزەرانی باش نەبووەو تەنهایی زۆری چەشتووە، بۆیە چۆتە ناو ڕۆحیەتی دەروێش و لێرەوە دەروێشی هێناوەتەوە ناو کۆمەڵگە، بۆئەوەی خەڵکی هەم هەست بە ئازارەکانی بکات، هەم ڕۆڵەکەی ببینن، لەم سۆنگەوە ئەمجارەیان خۆی لەبەرگی دەروێشدا دەناسێنێت، تاوەکو کۆمەڵگە هەستی پێبکات، چونکە گۆران لە کۆمەڵگە توڕەبووە، بەوپێیەی لەو ماوەیەدا بەشێك لەخەڵکی بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئایدۆلۆژیاوە ڕێزی لێ نەگرتووە، واتە ئەم شیوەنەی گۆران بۆ دەروێش،

لەبنچینەدا شیوەنە بۆ خۆشی، چونکە دەیەوێت بڵێت کە ڕێزی دەروێش نەگیرێ، ڕێزی گۆرانیش ناگیرێت، بە مانایەکی تر دەیەوێت هەمان دیمەنی ژیان و هەڵوێستی بناسێتەوە، بەگشتیش ڕوانینی گۆران بۆ دەروێش لەم دەقەدا لە سێ گۆشەوەیە:

١-دەروێشێك بە تەڵخی، یان تارمایی، واتە مرۆڤێك لەودیو دەقەکەیەوە هەیە، گۆران چاکی دەناسێت ، بۆیە وا بەجوانی وەسفی کردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە باوەڕ بەو وەسف و ناساندنە بکەین کە گۆران ناساندویەتی، بە مانایەکی تر گۆران لە ناساندنەکەدا ڕستگۆ بووە یان نا.

٢-گۆران وەك کامێرامانێك وێنەی دەروێش و ژیانی گرتووە، بەڵام دیمەنێکی، یان بەشێکی لە ژیانی گرتووە و یەکلایی نەکردۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دیمەنەکانی سۆزی پێبەخشیبوون، تاوەکو لە ڕێگەیەوە دەروێش بهێنێتەوە سەر شانۆی ڕووداوەکان و ڕۆڵ و گرنگی و پێگەی بناسێنێت، بەهۆی ئەو پەراوێزخستنەوەی کە لەلایەن خەڵکی و بارودۆخەکەوە لێی کراوە.

٣- ئایا گۆران راستگۆیە بەرامبەر ئەم روداوەی دەروێش، کە باسی کردووە، یان هەڵچوون و کاریگەری دیمەنێکە وای لە شاعیر کردووە، هەڵچوونی خۆی تێکەڵ بکات، لەگەڵ ئەمەشدا بیرازێنێتەوە، ئایا ئێمە ڕازیبین و ئەوەی گۆران دەیڵێت بیکەینە بنەما بۆ بڕیاردان لەسەر دەروێش یان نا؟ لە راستیدا بەپێی گێڕانەوەکان و دیمەنەکەی گۆران بێت، گۆران واقیعێکی باس کردووە، کە نە یەکەمجارەو نە دواجاریشە، چونکە خودی گۆرانیش خۆی لەمەدا دەبینێتەوە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە پارادۆکسێکی (ناشرینکردن ، قێزەون و جوانکراو/ ستەم و بەرەنگاری) نیشاندەدات، بەوەی لەلایەك سیماو دیمەنێکی ناشرین دەخاتەڕوو، کە لای زۆرێك ئەمەی بینیوە، بەڵام گۆران پێچەوانەکەی دەناسێنێت، کە جوانی و ڕۆڵەکەیەتی، بەمانایەکی تر دەیەوێت بڵێت لەو بارودۆخە خراپەی دەروێشدا، توانیویەتی بۆشاییەك پڕبکاتەوەو ڕۆڵی هەبێت، لەکاتێکدا زۆر هەن نە لەو بارودۆخەدا نە لە باشتردا، هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە.

کەواتە گۆران لەم دەقەدا هەم شاعیرێکی وەسفکارەو واقیع حاڵی باسکردووە، هەم شیعرەکەش کە جیهانێکی نوێتری بۆ دەروێش دروستکردووە و ڕاستگۆیی تێدا خستووەتەڕوو، چونکە مەبەستی بووە لە ڕێگەی ئەم وەسف و گواستنەوەیەوە، ئەو ڕۆڵ و شوناسەی کە دەروێش لە ڕاستیدا هەیبووە، لە مردن ڕزگاری بکات، لە لایەکی تریشەوە ئەو پەیامە بە خەڵکی بڵێت ئەوەندە تفەنگ بە تاریکییەوە مەنێت و بە هۆشیاریەوە قسە لەسەر ئەم بارودۆخە بکەن، نەک قسەتان پێبکەن ، یان قسەکەری ئەوانی تربن.

بەگشتی سیماناسی چەند جۆرێک لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان تیشک دەخاتە سەر شیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی و ڕەفتارو...تاد، هەریەکێک لەم جۆرانە، پێویستی بە توانای وردبینی و لێکدانەوە هەیە، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەزموون و ڕاهێنانەوە پەرەی پێبدرێت، بێگومان سیماناسی زانستێکی ورد

نییە بە مانا مۆدێرنەکە، بەڵام وەک بەشێکی کاریگەر و بەسوود لە میراتی کولتووری و فەلسەفیدا دەمێنێتەوە، بۆیە لەم دەقەی گۆراندا چەند جۆرە ڕوانینێک لە سیماناسی دەخەینەڕوو:

**١- سیماناسی سیمایی( دەموچاو)،وەک ناساندنی شوناسی کەسی دەروێش عەبدوڵا:**

لەراستیدا سیماناسی سیمایی، پەیوەندی بە تێگەیشتنە لە کەسایەتی تاکەکان، لە ڕێگەی سیماکانی دەموچاویەوە، وەک دەربڕینی دەموچاو و شێوەی چاو و جوڵەی برۆ، چونکە لە کۆندا پێیانوابووە کە سیماکانی دەموچاو، دەتوانن سیفەتە ناوەکییەکانی مرۆڤ دەربخەن، لەم سۆنگەوە گۆران لەم حاڵەتەدا، لەپێناو ناساندنی سەر لە نوێی دەروێش، بە ڕاشکاوی دەڵێت بەسیماتا ژیاننامەی تۆم خوێندەوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ ، گۆران چۆتە بارودۆخی دەروێشەوەو نەستی خوێندوەتەوە، کە بریتیە لە ژیانێکی پڕ لە ئازارو ئەمەش وایکردووە، بگاتە ئەم حاڵەتە، ئەگەر نا دەبوو کەسێکی بەهرەمەندو خاوەن ڕۆڵی کۆمەڵگە بوایە.

کەواتە وێنەی (بەسیما تا بەدیم کرد) وێنەیەکی تەواوی خوێندنەوەی دەم و چاو، پاشان کۆی جەستەی دەروێش عەبدوڵایە، دواتر خوێندنەوەی ڕوداوەکە و کاریگەری و جێکەوتەکەی لەسەردەروێش، بۆیە گۆران لەم دەقەدا شێوەی دەم و چاوی دەروێشمان بۆ دەخاتەڕوو، بەوەی شێوەی دەم و چاوی خەماوییە، یان زەحمەتکێشە، بەو مانایەی خەمی ژیان، یاساو ڕێکارەکان بۆی دروست نەکردووە، بەڵکو خودی کەسێکی هەژارەو لەبەر هەژاری چووەتە ژێر ئازارەکانی ژیان لەپێناو ژیاندا، ئەمەش بەڵگەی ئەمەکداری و پیاوەتی دەروێش نیشاندەدات، چونکە لەگەڵ ئەم حاڵەتەیدا دەروەزەی نەکردووە، بەڵکو خەڵکی خۆیان هاوکاریان کردووە، هەموو ئەمانەش لەسیمایدا دەخوێنرێتەوە، کە مرۆڤێکی زەحمەتکێشە، نەک ستەملێکراو لەلایەن خەڵک، یان دەسەڵاتەوە، بەمانایەکی تر سیمای ڕەنگدانەوەی نەستی دەروێشە کە هەڵگری خەمی هەژاری و گوزەرانە، نەک ستەم و ئەشکەنجەدان، هەرلەبەر ئەمەشە سیماناسی لەمیکانیزمە نازمانییەکانەو کار لەسەر دروستکردنی دەقێکی میتایی دەکات و لەڕێگەیەوە بە دوای دەلالەتە نادیارەکاندا دەگەڕێت، لەگەڵ ئەمەشدا لەڕێگەی دەروون و هەستەکانەوە سەرنج دەخاتە سەر دەروێش، لەپێناو خوێندنەوەو ناسیندا، وەک دەڵێت:

لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەت کێش،

وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ!

بەڵێ، دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار

وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا......ل١١٩

کەواتە خەمی دەروێش خەمی هەستپێنەکردن و قەدرنەزانی نییە، ئەوەندی شێلانیەتی لەناو بەرداشی ئازارەکانی ژیاندا، گۆرانیش بە ڕاشکاوی ئەم قەدر نەزانیینە، وەک وێنەی مانگ لەناو ئاودا دەبینێتەوە، کە

بەلاوازترین جوڵە وێنەکە نامێنێت و بەتەواوی دەشێوێت، جگەلەمەش بەهۆی بی بەختییەتی بووەتە مرۆڤێکی زەحمەتکیش، نەک ماف خواردن، بەماناياکی تر دەیەوێت بڵێت ئەگەر لەناو هەرگەلێکی تردا بوایە، ئێستا ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەبوو، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە بچوکترین قسەکردن ئەم خۆ تەرخانکردنەوەی دەروێش بۆ خزمەت نابینن، ئیدی ئەگەر ئاوەکە لیخن بێت، ئەوە جگە لە ناشیکرینکردن، هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، گۆران بەم وێنەیەی دەیەوێت بڵێت لەناو هەر گەلێك دا، هەست بە تواناو پیشەکان نەکرا، بە تایبەتی لای کەسە هەژار و بێ پشت و بێ پەنا و لانەکان، ئەوا بە خراپتر بەسەریاندا دەشکێتەوەو دەکەونە توانج و گاڵتەپێکردن، لە کاتێکدا ئەم بارودۆخەیان، بەرهەمی کۆمەڵگەیە، نەك لاوازی خۆیان، هەرئەمەشە لە سیمادا ڕەنگیداوەتەوەو بووەتە ناسنامەی دەروێش، یان دەڵێت:

سەحەر بێنێتە گریان و قسە، سیحری پەریی نەغمە!

برای دەروێش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی......ل١١٩

لێرەدا گۆران زۆر بە ڕاشکاوی و وردی ئەوە دەخاتەڕوو،کە سیمای دەروێش ئاوارەی دوای ژیانە و سەختی و هەورازو نشێوی ژیان ئازاری داوە، بۆیە گوزەرانی زۆر سەخت بووە، بەڵام چۆکی نەداوە، بۆیە لەڕێگەی شمشاڵە ناوازەکەیەوە، گوزارشتی لە ناخ و ئەو بارەی بەسەریدا هاتووە بۆ خەڵکی کردووە، نەك بەزمان و پاڕانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکی لەم پەیامە نەگەیشتون، بۆیە ئەو پێگە خراپەی هەبووە، بە مانایەکی تر، ئەو ئاوازە غەمگینەی کە لە قورگ و هەناوێکی زەحمەتکێشەوە هاتووەتەدەرێ، هەموو گوێگرێک، یان قسەکەرێکی خستووەتە گریان، چونکە هەمووی ڕەنگدانەوەی باری نالەباری ژیانی خۆیەتی، واتە ژیانی خۆی بە گۆرانی و ئاواز بە بەرامبەرەکانی دەناسێنێت، نەک بە کروزانەوە، ئەوەش نەفس بەرزی و بەهێزی دەروێش نیشاندەدات، بەڵام کە هەستکردن بەم خاسیەت و توانایانە نەبوو، ئیدی هەم تواناکە بەفیڕۆدەڕوات، هەم هەوڵەکەی بێ ئاکام دەبێت، لەکاتێکدا ئەمە پیشەی ڕاستەقینەی دەروێش بووە، بەڵام لای خەڵکی بێ بایەخ بووە، بەمانایەکی تر دەروێش ویستویەتی لەڕێگەی توانست و بەهرەو پیشەی خۆیەوە کاربکات و خزمەت بکات، بەڵام کەس هەستی پێ نەکردووە.

کەواتە خەم و ژاکانی سیمای دەروێش، خەمی ژیان و مەعیشەتە، نەک خەمی ستەم لێ کردن، ئەمەش لەلایەک نەفس بەرزی دەروێش پیشاندەدات، لەلایەکی ترەوە سەربەرزی و ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستەکان، لەپێناو مانەوەو بەردەوامیدا، خودی خۆشی ئەمەی لا پەسەندترە لەپارەیەک، کەبەبێ ماندووبوون دەستیبکەوێت، بۆیە دەڵێت:

بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە،

بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی!.....ل١١٩

گۆران ئەوە دەخاتە روو، کە دەروێش لەبەر ناچاری و ژیان لەگەڵ ئەو ناکەسانەدا هەڵسوکەوت دەکات، کە نرخی نازانن، بەڵام رۆژێک دێت کە هەست بە بوونی دەکەن و دەنگی شمشاڵەکەت گوێی هەموان بزرنگێنێتەوەو پێناسەی تۆ بکات، لەبارەی دەقەکەشەوە، عەلی مستەفا کەریم دەڵێت " ئەم شیعرەی گۆران یەکێکە لەو شیعرانەی کە ئاستێکی بەرزی هونەرییان هەیە و زۆرێک خەسڵەتی شیعری کلاسیک و کلاسیزمی نوێی لە خۆگرتوە. هەر سەرەتا لە کۆپلەیەکی چواردێریدا وەکو ئەوەی بە کامێرا وێنەی کەسایەتییەکە بگری، بەڵکو چڕتریش، دەستپێدەکات و دۆخی دەروێشی هونەرمەند دەکێشێ، کە خودی شاعیر زۆر کەوتوەتە ژێر کاریگەرییەوە"( کەریم، ئاوێنە،٢٠٢٠)

گۆران بەڕاشکاوی دەیەوێت بڵێت ئەمانە مردوو پەرستی زیندوو کوژن، چونکە کە دەمریت ئەوکات هەست بە ئازارو نەغمەو بەهرەکانت دەکەن، هەروەها باس لەو بەهرەو ڕۆڵەی دەروێش دەکات، کە ناشیەکان هەستیان پێ نەکردووە، هەرچەندە ئەم شمشاڵ لێدانەی دەروێش بۆ ئەم ناشیانە، وەک خواردنی زەهر وایە، لەکاتێکدا لەگەرو و ناخێکی راستگۆ و خاوەن بەهرەوە دێتەدەرەوە، جگەلەمەش شاعیر لەگەڵ ئەوەی لە ڕێگەی سیمایەوە، ژیانی دەرویشمان پێ دەناسێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەرویش خوێندکاری قوتابخانەی ژیانە و ژیان پێی گەیاندووە، بۆیە دەروێشی بە( فریشتەی مۆسیقا) ناوبردوەو لەمەشەوە ئەوە دەخوێنرێتەوە، سەرچاوەیەک لە توانستەکانی ئەو موعاناتانەن، کە لەناخی مرۆڤدا سەرهەڵدەدەن، بەمەش وزەی شاراوەی مرۆڤ دەخەنەگەڕ و لەرێگەیەوە داهێنان و توانستەکان دەناسێنێت، توانای مۆسیقی و گۆرانی دەروێش، بەڵگەی ئەم پاڵنەرەیە، کە موعاناتەکان هۆکارێکی باشی ناساندنی ئەم ئازارانەبوون، لەناو ریتیمی شمشاڵەکەیدا، وەک دەڵێت:

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش!


حەزم کرد بەستەیەک ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ،.........ل١١٩

گۆران زۆر بە روونی بەرەنگی زەردو شێوەی دەست و کزیدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم وێنانە دەتوانن ئاوازی ناخ هەژێنێک، کە دەرخەری ئەم ئازارانەیە بخاتەڕوو، بۆیە کۆی ئاوازەکەو سیماکەش ئەم دەقەی بەرهەمهێناوە، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی فرۆیدە، کە داهێنان بەهۆی ململانێی دەروونی و ژیانی واقیعەوە سەرهەڵدەدات، لەم بارەوە عەلی مستەفا دەڵێت" گۆران وەسفی کەسایەتییەکمان بۆ دەکات، کە دەروێشێکی شمشاڵ ژەنە. هەر لەسەرەتاوە ئەو دەروێشە بە "فریشتەی مۆسقا" ناو دەبات، کە "ئوستاز و سنعەتکار"ە، خاوەنی "زەکای گەورەیە" و لەسەر بەردی ڕەق خۆی پێگەیاندوە و گەورەبوە. ئەم دەروێشە نەدار و هەژارە وەکو هەمو دەروێشەکانی تر، هیچ بەها و قەدرێکی نییە لەناو میللەتەکەیدا، چونکە لەنێو

گەلێکی نەخوێنەوارادیە، بەڵام لای گۆران لەئاستی بتهۆڤن و لەویش بەرزترە، چونکە ئەوەی دەروێش عەبدوڵا دەیژەنێ و دەیچڕێ، زۆرتر لە ڕۆحی گۆرانەوە نزیکتر و وروژێنەرترە"( کەریم، ئاوێنە، ١٣-٧-٢٠٢٣)، گۆران لێرەدا زۆر بەرەوردی و بەزومی کامێراکەی، وێنەی دەروێشی کێشاوە، وێنەیەك کە بەزمی ڕۆژگار و ئەو سیمایەی کە قسەو هەڵوێستی خەڵکی پیریکردوە، نەك تەمەن، ئەمەش لە پێناو نیشاندانی ئەو زوڵمەی کە خەڵکی لەم پیاوەی کردووە، یان ئەو ناشیرین کردنەی کە لە کۆمەڵگەدا وێنەی کێشراوە ، لەبەرامبەردا بەرەنگاریکردن لە پێگەی دەروێش بەهۆی ناسینی کرۆکی پڕ گەوهەری دەروێش و نیشاندانی بە دیمەنە جوان و کارامەییەکەیدا.

**٢- سیماناسی لەشی، یان فیزیکی، ئەندامانی جەستە وەك نیشانەی مانابەخش:**

ئەو جۆرەیە کە فۆکەس دەخاتە سەر جوڵە و دۆخی جەستە و شێوازی جوڵەی جەستەوە، ئەمانەش دەتوانن ئاماژە بە متمانە بەخۆبوون، مەزاج و تەنانەت تەندروستی گشتی بدەن، لە سیمیۆلۆژیادا جەستە بابەتێکی سەرەکیە کەقسەی لەسەر دەکرێت، چونکە نیشانە بووەتە ئەڵتەرناتیڤی زۆر لە ماناکان و بەخشینی کەشێکی مانایی، کە هەڵگری چەندین لێکدانەوەو ڕاڤەکردنە، لە ناو زانستی سیمیۆلۆژیاشدا ئایکۆن و ئیندێکس بووتە دەرگایەك بۆ ناساندنی سیماناسی و گرنگیدان بە نیشانەکانی جەستەو زمانی جەستە، چونکە ئەندامانی جەستە زۆرن ، هەریەکەشیان خاوەن ناو و ماناو کارناوی خۆیانن، گواستنەوەش لە نیشانەوە بۆ مانا لە ڕێگەی( ئەندامانی جەستە، نیشانەی لێکدانەوە) ڕاڤەو لێکدانەوەکە دەبێت، ئەگەر وانەبێت، ئەوا بەبێ ئەزموونی ڕابردوو لێی تێدەگەین، هەربۆیە هەموو دەقێک هەڵگری نیشانەکانن، چ بە لایەنە روخساریەکەی، یان ناوەرۆکییەکەی، بۆ نموونە



وشەی (تاج) نیشانەی گەورەیی و سەروەرییە، بەڵام گۆران تاجی حورمەتی بەکارهێناوە، کە نیشانەی پێگەو ڕۆڵ و ڕێزدارییە، ئەگەر بەمانا گشتیەکە وەریبگرین لاوازدەبێت، بۆیە گۆران ئەم پێگەیە بەمانا نیشانەییەکە دەداتە دەروێش وەک خۆی، دواجار وەک هوشیاران لەرابردوو، یان لەپێناو داهاتوودا، وەک دەڵێت:

بەڵام تەختی ڕوفاهـ و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار

بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لە ناو شمشاڵی کون کوندا.........ل١١٩

کەواتە کاتێك گەل هۆشیار بێت، خوێندنەوەی ورد بۆ شتەکان دەکات، بەمەش دوربینی وردیان لەسەر دۆزینەوەی تواناکان و ڕۆڵەکانە، لەپێناو ناسین و زانینی پێگەو کارو کارنامەی کەسەکان، ئەمەی دەروێشیش دەرئەنجامی ئەم ناهۆشیاریەی هەم خاوەن بڕیار و لایەنە پەیوەندیدارەکانە، هەم خەڵکیش، هەربۆیە دەروێش لەهەردوو لاوە کەوتوەتە بەر هاڕینی دەستهاڕەکانیان.

**٣- نەناسینی تواناکان و پاڵپشتنەکردنی:**

گۆران دەیەوێت وا دەروێش بناسێنێت، کە ئازارەکانی ژیان بەشێوازێک دەروێشیان پێگەیاندووە، کە هیچ بارو هێزێک ناتوانێت ڕاییگرێت، چونکە هەموویانی تاقیکردووەتەوە، بۆیە وێنەی تووی دەم با کە بەهەمولایکدا دەدات هێناوەتەوە،کە هیچ شتێک ناتوانێت لەرواندن ڕاییگرێت، وەک دەڵێت:

بەڵام چی بکەین لە ناوچاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە،

وەکوو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن،

ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە

نەکردایە، خوا عالم، لە کام عەرشت ئەسوو داوێن؟!................ل١١٩

گۆران دەیەوێت بڵێت ئەوە نسیبە تۆی دووچاری ئەم شوێنە کردووە، ئەگەر نا کەسێکی بەتوانای وەک تۆ لەشوێنی خۆیدا وەک مرواری پرشنگدار دەدرەوشایەوە(لە کام عەرشت ئەسوو داوێن)، بەمانایەکی تر دەیەوێت بڵێت دەروێش ئەوەندە ئازارو بەربەستەکانی ژیان پێی گەیاندووەو کردویەتییە هونەرمەندێکی بەتوانا، واقیع ڕۆڵی نەبووە، بۆیە هەرگیز و لەهیچ بارێکدا ئەم توانستەی ون نابێت، چونکە بووەتە بەشێک و بوونیەتی ژیانی، هەر بۆیە لەگەڵ ئەم ئازارانەدا، تواناکانی بوونەتە هۆی ناساندن و مانەوەی بەنەمری.

**٤- سیماناسی ڕەفتاری، ناساندنی ژیان لەرێگەی ئاوازەوە:**

ئەم جۆرەیان پەیوەندی بە شیکردنەوەی ڕەفتار و کردارەکانی مرۆڤەوە هەیە لە بارودۆخە جۆراوجۆردا، بۆیە لەڕێگەی ڕەفتارەکانەوە دەتوانین کەسایەتی کەسەکە ئاشکرابکەین، گۆرانیش دەیەوێت خاوەنی ئەم ئاوازە بەبەراورد بە چۆنیەتی ژیانی بناسێنێت، بەوەی لەناو چ ئازارێکدا چ کەڵە پیاوێک پێگەیشتووە، کەواتە ئازارەکانیش هۆکارن بۆ داهێنان، بۆیە نەک هەر سیمای، بەڵکو کاتێک گوێ لە گۆرانی و شمشاڵەکەشی دەگریت، ڕاستەوخۆ لە تۆنی دەنگییەوە ئەو ئازارو فوغانەی کە لە ژیاندا بەسەری هاتووەو تێکەڵ بە ئاوازەکە کراوە، دەخوێنرێتەوە، بەمەش دیارە نەک تەنها لە سیمادا، بەڵکو لەدەنگیشدا دەخوێنرێتەوە، بۆنموونە:

نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی،

سیرف بەرزیی زەکا ئەم سنعەتەی فێر کرد بە شمشاڵت،

هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە توولانی هەتا کورتی،

بە سەرپەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زاڵت!..........ل١٢٠

گۆران دەیەوێت بڵێت ئەوانەی کە لە خوێندنگە خوێندویانە، نەیانتوانیووە ببنە ناسێنەری ئازارەکان لەڕێگەی مۆسیقاوە، یاخود تەنها خوێندنگە مرۆڤەکان پێ ناگەیەنێت، بەڵکو ژیان ئەکادیمیایەکی زانستییە بۆ پێگەیاندنی مرۆڤەکان، چونکە دەروێش ژیان فێری کردووە، هەرلەبەرئەمەشە بە قسە ئازارەکانی نەختستوەتەروو، بەڵکو لەڕێگەی شمشاڵەکەیەوە ناساندونی، بەڵام ناساندنەکەش هەم کوردانە، هەم دوانە لەگەڵ ڕۆحی تاکی کورددیدا، بۆیە ڕاستەوخۆ کاریگەری و جێکەوت لەسەر گۆران دروستدەکات، جگەلەمەش بەدیوێکی تردا ناساندنی ئاستی مۆسیقاو گۆرانی کوردیە، کە لە ڕێچکە ڕەسەن و کلتورییەکەی لایداوە، لەم بارەوە کامەران سوبحان دەڵێت" گۆران هەریەک لەو ناوانە دەکاتە بیانوو بۆ قسەکردن لەسەر گۆشە و سوچێکی دەروونی خۆی، لە کۆپلە و وشەکانی شیعری "دەروێش عەبدوڵڵا" ئەو دەروێشە دەکاتە بیانوویەک بۆ ڕەخنەگرتن لە چێژ و ڕۆح و میزاجی گوێگرتنی مۆسیقا و ئاوازێ، کە لە بنەڕەتدا لە زەوق و ڕۆحی ئەمەوە دوورە و ناتوانێ نا ئارامییەکانی ناخی هێورکاتەوە، بۆیە( لەم شیعردا، مانا و خوێندنەوەی جیاوازی فەرامۆشکردن و پەراوێزخستنی توانا و هێزی بەهرە دەچنێ. لە ڕێگەی کارەکتەرێکی شمشاڵژەنی گەڕیدەوە، کۆی خەم و ئازارەکانی خۆی، چ وەک چێژی مۆسیقا و جوانبینی، چ وەک بێبایەخ کردن و پێنەزانینی بەهرە و توانای هونەریی دەنووسێتەوە!)( کامەران سوبحان، بۆ فریشتەی مۆسیقا،)، کەواتە خەمی گۆران خەمی ونبوونی مرواریێکی مۆسیقای کوردییە، لەلایەکی ترەوە هەستنەکردنە بە بەهرەمەندەکانی کورد، کە هیچیان لە بەهرەمەندانی گەلانی تر کەمترنییە، وەک دەڵێت:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە

میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵلا،

دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە

شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!

لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵلا

دە ئەی دەروێش سکالایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە!......ل١٢٠

بتهۆڤن یەکێکە لە ئاوازدانەرو مۆسیقارە زۆربەناوبانگەکانی جیهان و زۆرترین کاریگەری لەسەر گوێگرەکەی بەجێدەهێڵێت، گۆرانیش لە ڕوانگەی داهێنان و ئاوازو کاریگەرییەوە، یەکێکە لەوانەی کە کاریگەربووە بە بتهۆڤن، چونکە زۆربەی سەمفۆنیاکانی گوزارشتن لە ئازارەکانی ژیان، جگەلەمەش موعاناتی دەروێش و ئاوازە غەمگینەکەی بریتییە لە خوێندنەوە، یان دوان لەگەڵ رۆحی گۆراندا، هەر لەبەر ئەمەشە تەنها گۆران ئەم دەقەی لەسەر نوسیووەو هیچ شاعیرێکی تر لەسەری نەنوسیووە ، لەم کارەشدا دەروێش پێش بتهۆڤن دەخات چ وەک گۆران، پاشان کورد، چونکە دەروێش بە شمشاڵێکی سادە، بەڵام بە ئاوازو هەستێکی کوردانەی رەسەنەوە دەچێتە گیانی گۆرانەوە، بەپێچەوانەی بتهۆڤنەوە.

**٥-سیماناسی کۆمەڵایەتی:**

ئەم جۆرەیان پەیوەندی بە چۆنیەتی تێگەیشتنەوە هەیە لە مرۆڤ، لە ڕێگەی کارلێککردنی لەگەڵ کەسانی دیکە و کاریگەری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی، لەم پێناوەشدا گۆران، لەپێناو نیشاندانی ئاستی دەروێش، هونەرە ڕەوانبێژیەکانی وەک هەر کارێک بۆ دەرخستنی ئەم توانایە بەکارهێناوە، بۆیە ئەو چنینی رەوانبێژیی و پرسیارە قووڵ و گەردوونیانەی ،کە گۆران لەم شیعرەدا بۆ خوێنەری دەخاتەڕوو گرنگن، کە بەلای گۆرانەوە، دەروێش عەبدوڵلا، هەژارێکی فەرامۆشکراوە، بەڵام شمشاڵژەنێکی بەتوانا و داهێنەرە، بەمانایەکی تر دەیەوێت بڵێت لەبەرئەوەی هەژاری، بۆیە پێگەیەکی لاوازت هەیە، بەهۆی ئەمەشەوە پێگەو توانستەکەت بەو لاوازییە سەیرکراوە، بۆیە دەڵێت:

بەڵێ دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار

وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا

بەڵام تەختی روفاە و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار

بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لە ناو شمشاڵی کون کوندا.........ل١١٩

واته راستە قەدری کەسی بەتوانا لای گەلی ناهوشیار نەک نابینرێت، بەڵکو بەشتێکی خراپیش دەزانرێت، بۆیە فەرامۆش دەکرێت، بەڵام ئێمە بۆ تۆ وا نین و تاجی ڕێزو وەفامان پێشکەشدەکەیت، ئەم دەقەش بەڵگەی ئەو بە مامۆستا دانانەی دەروێشە لەلایەن گۆرانەوە، چونکە کونی شمشاڵەکەت بریتییە لە ڕێزو وەفا بۆ خۆت و هاوکارانت و ناساندنی ئازارەکان و توانست، بەمانایەکی تر دەیەوێت بڵێت ئەگەر دەسەڵاتم هەبوایە پێگەی شیاوی خۆتم بۆ دەگێڕایتەوە، تاوەکو بەهۆی ئەو توانا بتهۆڤنیەتەوە، گەلەکەت سەربەرز بکردایە.

**ئەنجام:**

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

١-جەستە قسەکەرێکی بێدەنگە، دەتوانرێت بەهۆیەوە زۆر لەدەلالەتەکان بگەیەنێت،کەلەپشت جەستەوە شاراوەن.

٢-ژیان بەهێزترین قوتابخانەی پێگەیاندنی مرۆڤەکانە.

٣-خەمی گۆران، خەمی ونبوونی توانست و ئەزموونێکی داهێنەرە، نەک بەکەسکردن، واتە هەست بە کەسە بەتواناکان بکرێت، نەک فەرامۆش بکرێن.

٤-گۆران توانیویەتی ئەو گەوهەرە ونبووەی ناو کادانی کوردی بدۆزێتەوە و بیخاتەوە شوێن و پێگە شیاوەکەی خۆی.

٥-دەروێش ئەگەرچی بەرهەمی کەمی هەبووە، بەڵام خاوەن توانست و شاکاری ڕەسەنی کوردییە.

٦-سیمیاناسی لە ئەدەبدا تەنها کارامەیی نییە، بەڵکو ئامرازێکی گێڕانەوەی گرنگە کە بۆ پەرەپێدانی کارەکتەرەکان و پێشخستنی چنین بەکاردێت.

٧-سیمیاناسی کاریگەری لەسەر زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان هەبووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گرنگییەکەیەتی لە تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ و پێشکەشکردنی کارەکتەری واقیعی و قووڵتر.

**سەرچاوەکان:**

**کوردییەکان:**

١-مەلاساڵح، حەکیم،(١٣٧٥) ، دیوانی بێسارانی، مهرکان،سنە.

٢-مەلا کەریم، محەمەد،(١٩٨٠)، دیوانی گۆران،چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.

**بیانییەکان:**

١- ابن القيم الجوزية مدارج السالكين،٢٠١٠

٢-روز روزنترى، علم الفراسه، دار الثقافه،٢٠٠٨، ٣٤

٣-عبد السلام هارون، البيان و التبيين ،مكتبة الخانجي، ٢٠١٣، ٥٧ ).

٤-مصطفى عشور، الفراسه، مكتبه القران، رياض، ٦٠٦ك

٥-مغامرات شيرلوك هولمز،اثر كونان دويلو، مكتبة العربية، ٢٠٠٧

٦-الفقى، ابراهيم،(٢٠١٠)،احترف من الفراسه، الحياة للدعايه و الاعلان.

٧-العدوى، ابوعبدالله مصطفى بن،(٢٠١٤)، شرح العقيده الطحاويه.دار ابن حزم ، بيروت،لبنان.

٨-ابوزر، ايناس ناصر،(٢٠١١)، علم الفراسه، لغه الجسد، دارغيداد للنشر و توزيع ، عمان ، الاردن.

٩-زيدان، جرجى،(٢٠١٢) ، علم الفراسه الحديث ، موسسه هنداوى ، القاهيره.

١٠-بارت، رولان،(١٩٨٨)، مبادى فى علم دلالة ، ت:محمد البكرى، دار قرطبة، المغرب.

١١-بيدوح، سميه،(٢٠٠٩)، فلسفه الجسد، دار التنوير، تونس.

١٢-الرازى، فخرالدين (٥٤٤-٦٠٦ه) ، الفراسة دليلك الى معرفة اخلاق الناس وطبائعهم ،مكتبه قران، مصر.

١٣-يونغ، ليلان،(١٩٨٨)، اسرار الوجه،ت:اندريه كاتب،دار الجليل ،دمشق.

١٤-مراد، د.يوسف،(١٩٨٢)، الفراسه، عند العرب، المكتبة المصرية، القاهرة.

15-Kristeva, Julia,( 1999) Semiotic , Paris

**نامه:**

١-فاطمة، سفيحى،(٢٠١٥)، الفراسه فى التراث العربى فى ضوء الدرس السيمائى المعاصر،ماجستير، جامعه مولود معمرى، الجزائر.

**گۆڤارەكان:**

١-عربيه، ا.د.راضيه بن و اخرون،(٢٠٢٢)، علم الفراسه فى الفكر العربى، مجله الكلم، المجلد(٧) العـــدد(١)

٢-خلف،ا.م.د.محمد نورى عباس،(٢٠٢١)، الفراسه فى الشيعر العربى، مجله جامعه الانبار للغات والاداب، عدد ٣٢ ،نيسان

د.حيزيه كروش، ا.د.راضيه بن عربيه، علم الفراسه فى لافكر العربى، مجله اللكلم، ٢٠٢٢،٦١).

**ویبسایت:**

١-د.بكاري مختار، علم الفراسة والذكاء وسرعة البديهة ،مدونة بكاري مختار

٢-سوبحان، كامەران ، بۆ فریشتەی مۆسیقا،کوردیپێدیا- (kurdipedia.org)

٣-کەریم، عەلی مستەفا، ڕوانینی گۆرانی شاعیر بۆ دەروێش بەراورد بە ڕوانینی محەمەد کەسنەزانی بۆ دەروێشەکانی (awene.com) ١٣-٧-٢٠٢٠

٤-زينب كونتيت، البؤساء رواية تصور معاناة الفرنسيين مع الظلم الاجتماعي ألهمت صناع السينما العالمية، مدار، ٢٠٢٣

**دیدار:**

١-دیدار لەگەڵ بەڕێز(پ.د.زاهیر لەتیف)، سلێمانی، ڕێکەوتی(٢٠٢٤/٩/١٤).